# هاوڵاتی و شەقام

نیهاد جامی

قسەکردن لەشار قسەکردنە لەبەرهەمێکی تازەگەری، چونکە شار لەهەناوی ئەودا هاتۆتە بوون، بۆیە کۆمەڵگای شاری کۆمەڵگایەکی تازەگەرە، کۆمەڵگایەکە بڕوای بەچەندین چەمکی جیاواز هەیە بە پێی ئەو مانا فەرهەنگی و کولتوریانەی کە بەکاری دێنێت، کۆمەڵگای شاری کۆمەڵگایەکە باس لە یاسای مەدەنی دەکات بەمانای بڕوای بە بڕیارێکی هەرەمەکی دامەزراوە خێڵەکی و یا بەپێی نەریتی ئاینی نیە، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایە بڕوایەکی تەواوی بە دەسەڵاتی عەقڵ هەیە بەوەی ئەوەی لەدەرەوەی عەقڵەوە بێت تازەگەری دەیکاتە دەرەوەی خۆی، چونکە تازەگەری و عەقڵ پایەکانیان لەسەر ئاڵ و گۆڕکردنی پەیوەندیان بەیەکەوە دروست بووە، ئەوەیان مەبەستی ئێمە نیە، هێندەی تێگەیشتنە لەدۆخی کۆمەڵگایەکی تازەگەر، لەگەڵ هاتنەئارای دۆخێکی نوێی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی ئازادبوونی لەدەسەڵاتی بەعسەوە بەتایبەت لەگەل سەرهەڵدانی شەڕی حزبەکان، چەمکێک فڕێدرایە ناو کۆمەڵگا بەوەی ئەم شەڕە شەڕکردنە لەسەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی، شەڕی هێزێکی تازەگەرە و دەبێت ڕوو بدات، لەشوێنی تردا لەسەر ئەو دەمامکە میکاڤیلە وەستاین بەوەی تا چەند ئەو شەڕە توانای بەخشینی شوناسی تازەگەری هەبوو، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە وەستانە لەسەر دوو چەمکی سەرەکی کۆمەڵگای بانگەشە بۆ کراو ئەوانیش هاوڵاتی و شەقامە.

ئەو دوو چەمکە پەیوەندیەکی هاوبەشیان هەیە بەوەی بەیەکەوە ستراتیژێکی دەست نیشان کراو پێک دێنن.

هاوڵاتی چەمکێکی کۆمەڵگای مەدەنیە بەوەی هەموو کەسێک لەکۆمەڵگادا وەک هاوڵاتی تەماشا دەکرێت ئەو هاوڵاتیە بەشدارە لەهەر گۆڕانکاریەکی کۆمەڵگاو گۆڕانی کارەکانیشی بەرەنجامی داواکاری و ناڕەزایەتی ئەون، بۆ دەربڕینی ئەو ناڕەزایەتیە هاوڵاتی شەقام هەڵدەبژێرێت.

شەقام ئەو شوێنەیە هاوڵاتیان تیایدا کۆدەبنەوەو داوا لەدەسەڵاتی دەوڵەت دەکەن بۆ گۆڕینی یاسا یا بەتەنگەوە چوونی خواستەکانیان هەندێک جار شەقام دەبێتە شوێنی شەڕو یەکلاکردنەوەی ململانێکان، خۆپیشاندانی خوێندکارانی کورد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو یا ڕاپەرینی نەوەت و یەک دیارترین نمونەی ڕژانە سەر شەقام بوو، بەڵام ئەوەی زۆر سەیر بوو لەگەڵ دەسەڵات وەرگرتنی حزبەکان، حزبی کوردی پێی ووتین "شەقام بەجێ بێڵن ماڵەکانتان ئارامە" ئەوە لەکاتێکدا ماڵەکان کێشەی سوتەمەنی و خۆراک و کارەبا و هەرە پێداویستیەکانی ژیانی تیا بوو، ئەگەرچی جۆرێک خۆپیشاندان سەر لەنوێ پەیدا بۆوە بەڕادەی ئەوەی توندو تیژیشی لێکەوتەوە، ئەوەش مانای وایە ماڵەکان ئارام نین، ئەوەی لێرەدا سەیر بێت بێدەنگی و داکۆکی نەکردنی هەولێریە لەو نێوەندەدا، کە ئەو هاوڵاتیە بۆ ناگەڕێتەوە سە رشەقام، بەتایبەت لەگەڵ بوونی ڕێکخراو و ناوەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەم شارەدا کەچی ناوەندەکان بێدەنگن، ئەو هۆکارە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

هەولێری کێیە؟ ئەو کارەکتەرە خاوەنی شارستانیەتێک و مێژوویەکە لەبەرەنگاری، کتێبەکان ئاماژە بۆ شکستی هۆلاکۆ دەکەن لەبەردەم خۆراگری قەڵای هەولێر، بە مانای هاوڵاتی هەولێری هاتۆتە سەر مێژوویەک بەڵام ئەو مێژووە توانای کرانەوەی نیە بەسەر شارەکەدا هۆیەکەشی ئەوەیە لەناو ستایشی ڕابردو دەرنەچووە، هەولێری ئاینێکی هاوبەشی هەیە کە ئیسلامە ئەو ئاینەبەشێکە لەو داخستنە کولتوریە کە نایەڵێت بەسەر خۆیدا بکرێتەوە، هەر کرانەوەیەک بەدژە ئاین ناو دەبات وەک چۆن هەر جۆرە لادانێک لەو ژیانە سونەتیەی خۆی لەگەڕەکی عەنکاوە بۆ مەسیحی کورت دەکاتەوە بەوەش دەیەوێ بڵێت لادان لە سونەتی بیابان لادانە لە ئاکاری ئاین.

بوونی دوو پێکهاتەی جیاواز کورد و تورکمان لەم شارەدا وای کردووە دوو جۆر هاوڵاتی بەدی بکەین، کە هەریەکەیان توانای کورتکردنەوەی مێژووی هەیە بۆ سەر خۆی، بەڵام بێئەوەی بتوانن خوێندنەوەیەکی مەنهەجیمان لەو بوارە پێ ببەخشن، هەر چۆنێک بێت ئەو کاتانەی دەمانەوێ بزانین بۆ شەقامەکانی هەولێر چۆڵن لە هەولێری پێویستمان بە خوێندنەوەی بونیادە نەستیەکانی ئەو کارەکتەرەیە.

ئەو کاتانەی دەبینین هەولێری نایەتە سەر شەقام سەرەتا دەبێ لەخۆمان بپرسین کە ئاخۆ هاوڵاتیانی ئەم شارە بێ گرفت و کێشەن؟ کاتێ گومان لەو جۆرە پرسیارە دەکەین دەبێ گومان لەو بێدەنگیە سەیرە بکەین کە ڕووبەرووی ئەو هاوڵاتیانە بۆتەوە ئەو کارەکتەرە بۆ نایەتە دەنگ؟ بۆ شەقامی چۆل کردووە؟ ڕۆڵی ناوەند و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چین؟ ڕۆشنبیران چ کاریگەریەکیان لەسەر ئەم شارە بەجێ هێشتوە؟ بێدەنگی هەریەک لەمانە مانای وایە دەبێ گومان لەتەواوی ئەو شوێنانە بکەین، بەوەی لەڕوویەکدا دەبێ بەدوای ئەو فاکتەرانە بگەڕێین کە ئۆرگانەکانی کۆمەڵگایەکی شاری پەک خستوە، گەڕان بەدوای ئەو هۆکارە گەڕانە بۆ ناسینی ئەو هاوڵاتیە، چونکە یەکێک لەدامەزراوەکانی شار زانکۆیە، کاتێ زانکۆ هیچ هەڵوێستێک نانوێنێ دەبێ بزانین ئەو ناوەندە چۆن بەقسە نایەت، ئەی هۆکار چی بوو گەورەترین خۆپیشاندانی هەشتاکان ئەو ناوەندە بەرپای کرد و بۆ لەکاتی خوێندندا خوێندکارانی زانکۆ لەداواکانیان دێنە دەنگ؟

کاتێ دەبینین تەقینەوەی داوای خەڵکی شارەکان کەوتۆتە پشوی هاوینەوە بەمانای خوێندکاران بەسەر شارەکانیان دابەش بوونە ئەوەی لەهەولێر ماوەتەوە هاوڵاتی شارەکەیە، بۆیە دەنگی زانکۆ لەلایان خەڵکی شارەکانی ترەوە بوە، ئەو خەسڵەتی بێدەنگیە پەیوەندیی بە هەناوی شارەوە هەیە، ئەگەر لەساڵانی ڕابردوو هەولێری نەیدەویست قسە بکات بۆ ئەوەی دەسەڵای سیاسی گومانی نەیارەکانی دەسەڵاتی بەسەردا نەسەپێنن، ئەوا ئەمرۆ ئەو گومانە ڕەویوەتەوە، ئەی بۆ هاوڵاتیانی ئەم شارە نایەنە دەنگ، ئەوە بەو مەبەستەنیە کە خەڵک هان دەدەین بێنە سەرشەقام، چونکە دەرکەوت بەشێک لەخۆپیشاندانی شارەکان بریتیە لە هێرشکردنە سەر دام و دەزگاکان، لەکاتێکدا ئەو دەزگایانە موڵکی خەڵکن، نەوەک وەزیرو حکومەت خاوەنی بن، جگە لەوە پێویستە ئەوە بەوە تەفسیر نەکرێت کە داکۆکی لە دەسەڵات دەکەین، بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەت لەبەرگی ئاسایشدا نمونەی ناشیرینی خۆی دەرخستوە، کە ئەوەش پەیوەندیەکی ستراتیژی نیە بەوەی دەبێت ئاسایش وابێت، بەڵکو ئەوەی دەبێت بە ئاسایش هەر ئەو هاوڵاتیەی ئەوشارەیە بۆیە زۆربەی جار کەسێک کە دەبێ بە ئاسایش پەیوەندی بە یەکێک لەم دو خاڵەوە هە یە یا ئەوەتە دەیەوێ خزمەت بە شارەکەی خۆی بکات، کە ئەوەیان خاڵێکی زۆر دەگمەنە یا ئەوەتە دەیەوێ ئەو ترسە ناخیەی خۆی بگۆڕێتە سەر

کارەکتەرێکی تر کە ئەوانیدی لێی بترسن، کاتێ ئەوەی دووەمیان کاریگەری دەبێ کار دەکاتە سەر بێدەنگی هاولاّتی، بەلاّم کاتێ دەسەلاّت سەیر دەکات لەبەردەم هەر زەبرە و زەنگێک هاولاّتیان بێدەنگن، مانای وایە توانای درێژە دانی دەسەلاّت بە ناشیرینیەکانی شەرعیەتی پێ دەدرێت، پێشتر لە ووتاری (تازەگەری و خیانەت) ئاماژەمان بەوە دا کە ڕووداوی (31) ی ئاب بەتەنیا ڕووداوێک نیە ڕوویدابێت بەلّکو توانای هەڕەشەکردنی هەیە لە داهاتوو، یەکێک لەهەڕەشەکانی ئەوەتە لەدوای دە سالّ بەسەر ئەم ڕووداوە دەردەکەوێت، کە بەخشینی خەسلّەتی بێدەنگیە، بێدەنگی پەیوەندیەکی سەیری بە زەبروزەنگ نواندنی دەسەلاّتەوە هەیە، بۆیە بۆ ئەوەی کۆتایی بە زەبرو زەنگ بێت دەبێت هاولاّتیانی ئەم شارە کۆتایی بە بێدەنگی خۆیان بێنن، ئەو ترسەی شەڕی ناوخۆ لەیادەوەری ئەوان دروستی کرد بیسڕنەوە، ئەو وێنە فانتازیەی مێژووش بۆی درووست کردووە، دەبێت تێک بشکێت بەوەی ئەو کوڕی حیکایەتەکان نیە، بەلّکو کوڕی سەردەمی خۆیەتی و شانازی بە ئێستایەوە بکات نەک بە زەمەنی ئەفسانە.